به بۆنەی بیست و نۆیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان گۆڤارێکی سەنگینە و شوێن و پایەیەکی دیاری لە دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەیە

محەمەد سلێمان عەباس

لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، باوەڕناکەم هیچ گۆڤارێکی کوردی هەبێ ماوەی (٣٠) ساڵ لەسەر یەک، بە بێ ڕاوەستان لە دەرچوون بەردەوام بووبێت، کەچی گۆڤاری ڕامان ئەوە ماوەی (٣٠) ساڵە بەردەوامە لە دەرچوون.

گۆڤاری ڕامان هەر لە سەرەتاوە بە هۆی هەمەڕەنگی و هەمەچەشنیی بابەتەکانییەوە، جێی سەرنجی خوێنەران بووە، گۆڤارەکە چەندان بەشی جیاجیای لە خۆ گرتووە، هەر لە ڕەخنە، لێکۆڵینەوە، وتار، بابەتی هزری و فەلسەفی، مێژوویی، تا بابەتی زمانەوانی، کۆمەڵناسی، ئەدەبیات، هونەر، وەرگێڕان، دیدار و چاوپێکەوتن و تاد... بۆیە ڕامان گۆڤارێکی سەنگینە و شوێن و پایەیەکی دیاری لە دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەیە.

ڕەنگە هۆکارێکی دیکەی بەردەوامی و سەرکەوتنی گۆڤارەکە بۆ دڵسۆزی و خەمخۆری کاک ئازاد عەبدولواحید بگەڕێتەوە، کە ئەزموونێکی باشی لە بەڕێوەبردنی ئەو گۆڤارەدا هەیە، هەروەها کارمەندانی گۆڤارەکەش، ئەوانەی کە لەوێ کاردەکەن.

ئەگەر بڕوانینە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، دەبینین لەو مێژووەدا چەندان گۆڤاری کوردی هەبوون، هەندێکیان دوای ئەوەی چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە وەستاوە، یان سێ چوار ساڵ بەردەوام بووە و لە پڕ وەستاوە، بەڵام گۆڤاری ڕامان ئەوە ماوەی سی ساڵە بەردەوامە لە دەرچوون، ئەوەش جێگەی شانازییە و دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ گۆڤارەکە و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی.

یەکێکی دی لە خاڵە بەهێز و جیاوازەکانی ڕامان ئەوەیە، کە گۆڤارێکی گشتگیر و هەمەچەشنە، بۆ نموونە ئەو گۆڤارانەی پێشتر لە کوردستان دەرچوون، یان دەردەچن، هەیانە تەنیا بایەخی بە فۆلکلۆر داوە، وەک گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر) و گۆڤاری (کەلەپووری کورد)، گۆڤاری دیکە هەبووە بایەخی بە مێژوو داوە، هیی دیکە هەبووە بایەخی بە ڕۆژنامەگەری داوە، گۆڤاری دیکە هەبووە بایەخی بە هونەر، یان وەرزش، یان وەرگێڕان داوە...تاد، کەچی گۆڤاری ڕامان وەک ئاماژەمان پێ دا، چەندان بەشی جیاجیای لە خۆگرتووە، هەر لە ژمارە (٤)ی گۆڤارەکەوە بەشەکانی بەم شێوەیە

بـووە: لێکۆڵینــەوە، ڕەخنــە، تیــۆری ئەدەبــی، وتــار، وەرگێــڕان، چاوپێکەوتــن، شــیعر، چیــرۆک، چیرۆکــی منــداڵان، هــزر، فەلســەفە، شــانۆ، کەلەپــوور، هونــەر، ڕاپــۆرت، چاپکــراوی نــوێ، بۆیــە هــەر خوێنەرێــک بابەتــی دڵخــوازی خــۆی تێــدا دەبینییــەوە.

خاڵێکــی دیکــە کــە (ڕامــان)ی لــە گۆڤارەکانــی دیکــە جیاکردۆتــەوە، ئەوەیــە کە لە مــاوەی تەمەنی گۆڤارەکــەدا، دەیان و ســەدان نووســەری کــورد لــە ناوخۆ و دەرەوە و بەشــەکانی دیکــەی کوردســتان و هەنــدەران، بابەتەکانــی خۆیــان لــەم گۆڤــارە ســەنگینەدا بڵاوکردووەتــەوە، هــەر لــە نووســەرە بە تەمەنەکانــی بــە نموونــە وەک: کەمــال غەمبــار، مســتەفا پــەژار، مەحمــوود زامــدار، عەزیــزی مــەلا ڕەش، حەمەســاڵح فەرهــادی، ئــازاد عەبدولواحید، عبدوڵــڵا ســەراج، فەلەکەدیــن کاکەیــی، ڕەوف حەســەن، ڕۆســتەم باجــەلان، کەریــم ســۆفی، شــوکریە ڕەســووڵ، د. مــارف خەزنــەدار، شــوکر مســتەفا و چەنــدان نووســەری دیکــە.

ئێســتاش چەنــدان نووســەری دیکــە بابەتەکانیــان لــەوێ بڵاودەکەنــەوە، کەچــی هەندێــک گۆڤــاری کــوردی هەبــووە، هــەر لــە یەکــەم ژمــارەی گۆڤارەکــەوە تــا دوا ژمــارەی، تەنیــا چەنــد نووســەرێک، یــان ژمارەیەکــی کــەم لــە نووســەران بابەتەکانیــان تێیــدا بــڵاو دەکەنــەوە.

دەبــێ ئامــاژە بــەوەش بدەیــن، کــە قەبــارە و لاپەڕەکانــی گۆڤارەکــە، بــەراورد بــە گۆڤارەکانــی دیکــە زیاتــر بــوو، بــە تایبــەت لــە ژمــارە (٣٠) بەســەرەوە، تــا ژمــارە (٨٧)ی گۆڤارەکــە، هــەر ژمارەیەکــی (٣٠٠) لاپــەڕە زیاتــر بــوو، واتــە دوو هێنــدەی گۆڤارێکــی ئاســایی.

لــە کۆتاییــدا دەتوانیــن بڵێیــن، لــە مــاوەی ئــەو (٣٠) ســاڵەدا، گۆڤــاری ڕامــان خزمەتێکــی گــەورە و بەرچــاوی بــە کولتــوور و ئەدەبیاتــی کــوردی کــردووە و بووەتــە دەنــگ و ڕەنگــی هەمــوو قەڵەمــە جیــاوازەکان. دەســتی کاک ئــازاد عەبدولواحیــد و هاوکارانــی خــۆش بێــت، دەســت و پەنجــەی ئــەو قەڵەمانــەش نەڕزێن کــە بــە بەردەوامی لاپەڕەکانی گۆڤــاری (ڕامان)یــان ڕازاندووەتــەوە.

